Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.102018

# ڕۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕازیبوون لەژیان توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**محمود كريم سليم بامەندى ، صباح احمد محمد نجار**

بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

**Keywords**

ڕۆڵ، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ، ڕازیبوون لەژیان

**Corresponding Author**

## پوختە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییەلە زانینی ئاستەکانی پابەندبوون بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕازیبوون لەژیان،هەروەها زانینی بەڵگەی جیاوازی پابەندبوون بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە وەک ( رەگەز، تەمەن، پیشە، باری ئابووری، باری خێزانی )، لەگەڵ زانینی سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر بەشێوەیەکی مەیدانی داتا و زانیاری کۆکردۆتەوە، بۆیە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەنموونەیەکی 384 کەسی کە لە سەنتەری شاری هەولێر بەشێوەی هەرەمەکی هێشوویی فرەقۆناغ وەرگیراوە،لەو پێناوەشدا دوو پێوەر بەکارهێنراوە کە جگە لە رەگەز، تەمەن، پیشە، باری ئابووری، باری خێزانی، 32 پرسیار و بڕگەی تایبەت بە پێوانەکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و 60 برگەش بۆ پێوانەکردنی ڕازیبوون لەژیان لەخۆ دەگرێت، بەپێی ئەو ئەنجامانەش کە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە، ئەنجامێکی ئەرێنیانە بوونی هەیە بۆ ئاستەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ هەریەک لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان بەپێی گۆڕاوەکانی ( تەمەن، پیشە، باری خێزان )، بەڵام بەپێی گۆڕاوی ( ڕەگەز ) جیاوازی بەڵگەداری هەیە بۆ پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کەچی بۆ پێوەری ڕازیبوون لەژیان جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە، هەروەها بەپێی گۆڕاوی ( باری ئابووری)یش جیاوازی بەڵگەداری نیە بۆ پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەڵام بۆ پێوەری ڕازیبوون لەژیان جیاوازی ئاماری بوونی هەیە، لەگەڵ بوونی پەیوەندییەکی ئاماری ئاماژەدار لەنێوان هەردوو پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیاندا.

## پێشــەکی

پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەرهەمی تێکەڵ بوون و گردبوونەوەی تاکەکانە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا کە کۆمەڵێک پێویستی دەروونی، روحی، ماددی سەپاندوویانە، بەو پێیە دەکرێت بڵێین بۆ ئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بێتە کایەوە دەبێت زیاتر لە تاکێک بەشداریی تێدابکەن. پەیوەندیی کۆمەڵایەتیش لە سەرەتای بوونی مرۆڤایەتی سەری هەڵداوە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە بەدرێژایی مێژووی بوونیەوە تاکو ئەمرۆ بۆ دابینکردن و پرکردنەوەی پێداویستیەکانی پشتی بەکەسانی دیکەوە بەستووە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆتە ئەندام لە گرووپێک کە هاوکاری و ڕێزگرتن و خۆشەویستی بە یەکەوەیانی بەستۆتەوە، تاک لەچوارچێوەی گرووپدا کار لەوانی دیکە دەکات و بەهەمان شێوەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەفتاری ئەوانی دیکەوە، لەنێو چوارچێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا شێوازی جۆراوجۆر دەردەکەون کە مەرج نیە هەموویان پۆزەتیڤ بن وەک دۆستایەتی، هاوکاری و لێبوردەیی لە بەرامبەر دوژمنایەتی، رق و کێشمەکێش، هەر ئەم شێوازانەی کارلێکی کۆمەڵایەتیشن دەبنە هۆی دەرکەوتنی توانا و شارەزاییەکانی تاک و دواتر دەرکەوتنی کەسانی پێشرەو لەناو کۆمەڵگادا، ئەمانە بەرهەمی چاڵاکیەکانی مرۆڤن لە بوارەکانی ئەقلی، ویژدانی، جەستەیی، دەروونی کە بە بەرژەوەندی و پێویستییە ماددی و مەعنەوییەکانیانەوە

بەستراونەتەوە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ رازیبوون لەژیان لای تاکەکان، بەم شێوەیەش پەیوەندیی کۆمەڵایەتی جگە لەوەی کارلێکردن و ئاڵوگۆری رەفتارە لەنێوان تاکەکان رۆڵێکی کاریگەر و گەورەشی هەیە لە درککردنی تاک بە رازیبوون لەژیان.

## بەشی یەکەم: رەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان:

### باسی یەکەم: رەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

#### ١- گرفتی توێژینەوەکە:

هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی گۆرانکاری خێرادا گوزەر دەکات و دەژێت، لەهەگبەی خۆیدا جۆرەها کێشەو رووداوی هەڵگرتووە، وەکو پێشکەوتن لە بوارەکانی تەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندن، هەروەها زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێداویستیەکانی تاک لە کۆمەڵگادا، هەر یەکێک لەم فاکتەرانە کاریگەری سەربەخۆیان هەیە لەسەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام هەموویان پەیوەستن بەیەکەوە و تێکەڵی یەکتر دەبن، دەبنە هۆی دەرکەوتنی پێداویستی نوێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و رۆڵەکان گۆرانکاریان بەسەردابێت وەکو(هاوسەریەتی،هاوڕێیەتی،خزمایەتی، کارکردن، ........هتد )، تێکرای ئەمانە سنورەکانی نێوانیان کاڵن و پێویستیان بەبەهێزکردن و تۆخکردنەوەی ئەو سنورانە هەیە، تا ئەرک و مافەکان روونتربن و رۆڵەکان بەرجەستەتربن. یەکێک لەکێشەکانی مرۆڤ لەژیاندا بریتییە لە رازیبوون لەبوارەکانی ژیان، هەموو هەوڵەکانی مرۆڤیش لەژیاندا ( کارکردن، خوێندن ، گەشت کردن ، هاوسەرگیری، خواپەرستی ،....هتد ) بۆیەک مەبەستە ئەویش گەیشتنە بەکەنارەکانی دڵنیایی و ئاسودەیی تاکو لەوێوە بگاتە گەوهەری رازیبوون لەو ژیانەی تێیدا دەژێت، ئەمەش لەئەنجامی کارلێکردن و پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی دەوروبەر دێتە کایەوە، بەم پێیەش گرفتی ئەم توێژینەوەیە لە چەند پرسیارێک دەخەینەروو کە ئەمانەن:

١- ئایا پەیوەندیی هەیە لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و رازیبوون لەژیان ؟

٢- ئایا تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە تا چ ئاستێک پابەندن بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و رازیبوون لەژیان ؟

٣- ئایا جیاوازی هەیە بۆ پابەندبوون بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و رازیبوون لەژیان لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی ( رەگەز، تەمەن، پیشە، باری ئابووری، باری خێزانی )؟

#### ٢- گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە چەند گرنگیەک لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە:

١- لەرووی تیۆرییەوە: خستنەڕوو و شیکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستی،بە پشت بەستن بەسەرچاوە زانستی و مێژووییەکان کە لەسەر بابەتی توێژینەوەکە هەن، ئەمەش پارەمەتیدەرێک ئەبێت بۆ توێژینەوەکە و لایەنە جیاوازەکانی روون دەکاتەوە، بەمەش دەبێتە هۆی هاتنە کایەی جۆرێک لە رۆشنایی و شارەزایی لەسەر بابەتەکە و دەوڵەمەند کردنی لەرووی ئەکادیمیەوە، هەروەها دەبێتە بەرچاو روونی بۆ خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان هەردوو چەمکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و رازیبوون لەژیان لای خوێنەرانی ئەم توێژینەوەیە، یارمەتیان دەدات لە لایەنە شاراوە و نادیارەکانی نێوان هەردوو چەمکەکە تێبگەن.

٢- لەرووی پراکتیکیەوە: گرنگە بۆ دەرخستنی کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر رازیبوون لەژیان لای هاوڵاتیانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، هەروەها خوێنەر و قوتابیان و توێژەران لە ئەنجامەکانی سودمەند دەبن، دەتوانن لەداهاتوودا سودی لێ وەربگرن بۆ توێژینەوەی تر لە بوارەکەدا.

#### ٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەزانینی:

١- ئاستەکانی پابەندبوون بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە بەختەوەریی لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

٢- بەڵگەی جیاوازی پابەندبوون بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و رازیبوون لەژیان بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە وەک ( رەگەز ، تەمەن ، پیشە ، باری ئابووری ، باری خێزانی ).

٢-سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان پابەندبوون بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و رازیبوون لەژیان.

### باسی دووەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

#### ١- رۆڵ ( Role )

پێناسەی ( میشێل و کارۆلین ٢٠٠٥ ) ( رۆڵ بریتییە لە کردەوەی خەڵک، کە سەیر دەکرێت شیاوە یان نەشیاوە بۆ بەکاربردنی لە پایەیەکی یان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەروەها جیاوازی نێوان رۆڵ و پێگە ئەوەیە کە ئێمە پێگەیەکمان داگیر کردووە یان هەمانە کە رۆڵی تێدا دەگێرین )( Hughes&Kroehler, 2005,p58 ).

پێناسەی کرداری بۆ رۆڵ ( بریتییە لە کۆمەڵێک کار و کردەوە کە تاک ئەنجامی دەدات بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکان و گەیشتن بە پلەیەکی بەرز لەبەختەوەریی )

#### ٢- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ( Social Relation )

پێناسەی ( نەجار ٢٠١٣ ) ( پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بریتییەلە رەفتارێکی ئاڵوگۆر لەنێوان تاکەکان و گرووپەکان، لەئەنجامی

کرداری کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان لە هەڵویستێکی دیاریکراو، کە پاڵ بە تاکەکان و گروپەکانەوە دەنێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و نیازەکانیان ) ( النجار ،٢٠١٣،ص٢٢ ).

پێناسەی کرداری بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی: ( بریتییە لە وابەستەبوونی تاکەکان بەیەکتری لەڕێگای ئاڵوگۆڕکردنی ڕەفتار و کارلێککردنیان لەگەڵ یەکتری، بەمەبەستی هاوکاریکردنی یەکتری بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانیان ).

**٣- ڕازیبوون لەژیان ( Life Satisfaction )**

پێناسەی ( داینەر ٢٠٠٠ ) ( پێی وایە ڕازیبوون لەژیان گوازرشتە لە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی تاکەکان بۆ ژیانیان بەپێی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان، لە چوارچێوەی سیفەت وسیمای کەسایەتی و جیاوازی تاکی، ئەم ڕەهەندانە کاریگەر دەبن بە فاکتەری دیموگرافیی و بارودۆخی ژینگەیی ، فاکتەری ڕۆشنبیری و پێگەیشتن و واقعی، ئەو سەربەخۆیەی کە تاک چێژی لێوەردەگرێت، ئەو هەڵسەنگاندنەش خودییە ( .(Diener,2000, p149

**پێناسەی کرداری بۆ ڕازیبوون لەژیان:** ( بریتییەلە ڕازیبوون و پەسەندکردنی تاک بۆ ئەو ژیانەی کە تێیدا دەژێت، لەهەموو بوارەکان بەپێی ئەو پێوەرانەی کە تاک هەیەتی بۆ چۆنیەتی ژیان و سەرکەوتن و دەسکەوتەکان ).

## بەشی دووەم: ئەدەبیاتی توێژینەوەکە:

### باسی یەکەم: تیۆرەکانی توێژینەوە

تیۆر ئەو ڕێساو بنەمایەیە کە زانستە مرۆڤایەتی و سروشتییەکان پشتی پێ دەبەستن، چونکە هیچ توێژینەوەیەک بەبێ بنەمای تیۆریی ئەنجام نادرێت، بۆیە دەڵێن تیۆر بریتییە لە چوارچێوەیەکی هزری کە کۆمەڵێک ڕاستی زانستی باس دەکات و لەچوارچێوەیەکی زانستی دایدەنێت (حسن، ١٩٧١، ل٥٢). پێویستە تیۆرەکان بەشێوەیەکی زۆر کورت ڕاستیەکان باس بکات و چەند لێکدانەوەیەکیش لەخۆ بگرێت، دەبێت ئەم لێکدانەوانەش ئامانجیان هەبێت کە توانای پێشبینی کردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت، بەم جۆرەش هێزو بابەتیانەی تیۆرەکە زۆر دەبێت، چونکە دەبێت لەگەڵ پێشکەوتنی زانست تیۆریش پێش بکەوێت، لەم بارەیەوە زانا ( برنارد ) دەڵێت تیۆر گوزارشت لە قۆناغی زانستی ئێستا دەکات (حسن ١٩٧١، ل٥٢ ). ئاماژەدان و گرنگی پێدانی تیۆر لەتوێژینەوەدا، لەڕووی مێژووییەوە یارمەتیمان دەدات بۆ زانینی بیروڕای بیرمەندانی پێشووتر لەسەر ئەم بابەتە و گرنگی و ئەو ڕۆڵەی کە هەیبووە لەلایەک و لەلایەکی دیکەش لەڕووی زانستیەوە ئەو بابەتەیان شیکردۆتەوە و بەچەندین شێوەی جیاواز لێکدانەوەیان بۆ کردووە. لەبەر ئەوە لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین ئەو بۆچوونە تیۆرییانەی پەیوەندییان هەیە بەبابەتی توێژینەوەکە بەهەر سێ گۆڕاوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستکردن بەبەختەوەریی و ڕازیبوون لەژیان بخەینەڕوو بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو تیۆرانەی کە لەتوێژینەوەکە پەسەند دەکرێت.

**١- تیۆری پەیوەندیدار بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:**

زۆر تیۆر و بۆچوونی جیاواز هەن کە شرۆڤەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، هەر یەکێکیش لەتیۆرەکان باسی بنچینەیەکی جیاواز دەکات لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێکیان جەخت لەپێداویستیەکان دەکەنەوە هەندێکی دیکە جەخت لە ئامانج و بەرژەوندیی تاکەکان دەکەنەوە هەندێکی دیکە جەخت لەچۆنیەتی کارلێککردنی تاکەکان دەکەنەوە لەپرۆسەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی،...هتد، لەم توێژینەوەیە جەخت دەکەینە سەرتیۆری کارلێک لە شرۆڤەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

**تیۆری کارلێک ( مۆریس گینزبێرگ ١٨٨٩ – ١٩٧٠ )**

( گینزبێرگ ) بەیەکێک لە پێشەنگەکانی تیۆری کارلێک دادەنرێت، لەبەرئەوەی تیۆرێکی تەواوی لەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. ئەو تەنها بە پێناسەکردنی پەیوەندییەکان و ڕوونکردنەوەی سروشت و فاکتەر و ئاسەوار و چۆنیەتی قوڵبونەوە نەوەستاوە، بەڵکو دوورتر لەمە دەڕوات و دەڵێت پەیوەندییەکان ئەو بابەتە سەرەکییەن کۆمەڵناسی توێژینەوەی دەکات و شیدەکاتەوە( Ginsberg, 1980, p7 ). پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەو شێوەیەی کە (گینزبێرگ) پێناسەی دەکات ئەو کارلێکانەن دەکەوێتە نێوان دوو کەس، یاخود زیاتر لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجی ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو بوارەکەی، یاخود کایەکەی ، وەک پەیوەندیی نێوان قوتابی و مامۆستا و پەیوەندیی نێوان ئەفسەر و سەرباز و پەیوەندیی کرێکار و ئەندازیار و پەیوەندیی نێوان فرۆشیار و کڕیار و پەیوەندیی نێوان نەخۆش و پزیشک ( Ginsberg, 1980, p7 ).

واتا ئەو پەیوەندییە کارلێکییانەی کە لەکۆمەڵگا ڕوودەدات و شێوەی دووانەیی جیاواز وەردەگرێت، ئەو پەیوەندییانەش پاڵنەری بابەتی و خودییان هەیە، هەروەها ئاسەواریان لەسەر تاک و گروپەکاندا هەیە، تاک لەڕێگای کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکە کاریگەر دەبێت بەڕەفتاری ئەوان و خۆشی هەوڵدەدات کاریگەربێت بەسەریانەوە، لەپرۆسەی کارلێککردن پەیوەندییەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن لەنێوان ئەوانەی بەشداری کارلێککردنەکە دەکەن، ئەمەش بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی بەشداربووان هەست دەکەن کارلێککردنەکە سودبەخش و گرنگە بۆیان، بەپێچەوانەوە کۆتایی بە پەیوەندییەکان دێت لەنێوانیان.

مەرجەکانی دروستبوونی پەیوەندیی کارلێک ئامێز وەک (گینزبێرگ) باسی دەکات بەم شێوەیە:

١- بوونی دوو کەس یان زیاتر کە پەیوەندیی مرۆیی دروستبکەن.

٢- پەیوەندیی لە خۆگری کۆمەڵێک هێمای ڕەفتاریی و قسە و زمانەوانین کە جەمسەرەکانی لێی تێدەگەن.

٣- ئەو کەسانەی لەناو کارلێکەکەدان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جیاواز یاخود یەکسان دەگێڕن.

٤- بەپێی بۆچوونی ( گێنزبێرگ ) پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەخۆگری پەرچەکرداره لەنێوان ئەو کەسانەی کە دەبنە بابەتەکەی (Ginsberg, 1980, p8 ).

( گێنزبێرگ ) پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی چوار جۆر پۆلێن دەکات ئەوانیش: پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ستوونی، ئەویش پەیوەندییەکە یاخود کارلێکێکە لە نێوان دوو کەس یاخود زیاتر ڕوودەدات کە پێگەی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە لەڕووی پێگە و ناوبانگی وەک پەیوەندیی نێوان پزیشک و نەخۆش، یاخود پەیوەندیی نێوان بەڕێوەبەر و سەرنجدەر. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئاسۆیی ، کە پەیوەندییەکە یاخود کارلێکەکە لەنێوان دووکەس یاخود زیاتر کە پێگەی کۆمەڵایەتی یەکسان یاخود هاوسەنگیان هەیە، وەک پەیوەندیی کارلێکئامێزی نێوان کرێکاری أ لەگەڵ کرێکاری ب ، یاخود لەنێوان مامۆستای مێژوو و مامۆستای فیزیا....هتد، هەروەها پەیوەندیی کارلێک ئامێزی فەرمی هەیە، ئەویش پەیوەندییەکە یاخود ئەو کارلێکەیە کە لەنێوان دووکەس یاخود زیاتر ڕوودەدات، ئەو پەیوەندییەش لەبارەی کار و ئەرکە وەک پەیوەندیی نێوان پزیشک بە سستەر لەبارەی پێویستی گۆڕینی دەرمانی نەخۆش لە بەیانییەوە، لە کۆتاییشدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نافەرمی، کە پەیوەندییەکە یاخود ئەو کارلێکەیە کە لەنێوان دووکەس یاخود زیاتر ڕوودەدات، ئەو پەیوەندییەش لە دەوری کەسایەتی ئەو تاکانە دەخولێتەوە کە لەناو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەن، وەک پەیوەندیی نێوان ئەندازیار بە کرێکار لەبارەی ڕۆیشتن بۆ چێشتخانە یاخود یانە دوای تەواوبوونی کار لەکارگە یاخود لەشوێنی کارکردندا ( Ginsberg, 1980, p9 ). هەرچی فاکتەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بەپێی بۆچوونی ( گێنزبێرگ ) ئەوانەن کە پاڵ بەتاک دەنێن بۆ چوونە ناو پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانی دیکە ( Ginsberg, 1980, p10 ).

فاکتەرەکان زۆر و جۆراوجۆرن، دەگۆڕێن بەپێی جۆری کارلێککردنەکە لەنێوان تاکەکان، دەکرێت فاکتەری ئایینی بێت یاخود فاکتەری ئابوری یاخود فاکتەری سەربازی یاخود فاکتەری کۆمەڵایەتی یاخود فاکتەری خێزانی ...هتد، هەریەکێک لەم فاکتەرانە بەجۆرێکی جیاواز پاڵنەرن بۆ بەشداریکردنی تاک لە پەیوەندیی و کارلێکردن لەگەڵ ئەوانی دیکە، پەیوەندییەکەش پەیوەستە بەو پێگەیەی کە تاک هەیەتی و کارلێکی تێدا ئەنجام دەدات.

هەندێک ئاسەوار و دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە هەیە کە( گێنزبێرگ ) قسە لەبارەیەوە دەکات، ئەو ئاسەوارانەش ڕەنگە پۆزەتیف یاخود نێگەتیف بێت لەسەر سروشتی پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوان تاکەکان لە دامەزراوە یاخود ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی ( Ginsberg, 1980, p11 ).

ئەگەر پەیوەندیی نێوان تاکەکان پۆزەتیف بێت و لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێزگرتن و قوربانیدانی هاوبەش دروست بوبێت ئەوە ئاسەوارەکان پۆزەتیف دەبن، بۆ نموونە ئەگەر پەیوەندی نێوان پزیشک و نەخۆش پۆزەتیف بێت ئاسەوارێکی پۆزەتیفی لەسەر چارەسەرکردنی نەخۆشەکە دەبێت، یاخود پەیوەندیی نێوان قوتابی و مامۆستا بەهەمان شێوە ئەگەر پەیوەندییەکی پۆزەتیف بێت ئاسەوارێکی پۆزەتیفی دەبێت لەبەرزکردنەوەی ئاستی زانست و فێربوون ، یاخود پەیوەندی نێوان خاوەن کارگە و کرێکار ئەگەر پۆزەتیف بێت دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم و هەرزانی لەنرخی کاڵاکان لەبازاردا، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم پەیوەندییانە نێگەتیف بن ئاسەواری خراپ و نێگەتیڤیان دەبێت لە چارەسەر کردنی نەخۆش و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و زیادبوونی بەرهەم و هەرزانی نرخی کاڵاکان لەبازاردا.

**٢- تیۆری پەیوەندیدار بە ڕازیبوون لە ژیان:**

زۆر تیۆر هەنە شرۆڤەی ڕازیبوون لە ژیان و ئەو سەرچاوانەی لێی هەڵدەقوڵێت دەکەن، بەڵام هەندێ تیۆری بنچینەیی هەیە ڕۆڵێکی گرنگ و گەوهەرییان هەیە لە گەشەکردن و ماناکەی، هەر یەکێکیش لەمانە باسی لە بنچینەیەکی جیاواز کردووە لە ڕوونکردنەوەی ڕازیبوون لەژیان ، لەوانە تیۆری هەڵسەنگاندن، تیۆری خولیابوون و خۆ گونجاندن، تیۆری هەڵوێستەکان، تیۆری ئەزموونەکان، تیۆری بۆشایی نێوان ئارەزوو و دەستکەوت، تیۆری بەها و ئامانج و ماناکان ، تیۆری تەواوکاری و...هتد، لەم توێژینەوەیەدا جەخت لە تیۆری مانای ژیان دەکەینەوە.

**تیۆری مانای ژیان ( فکتۆر فارنکل ١٩٠٥ – ١٩٩٧ )**

لە لایەن زانایانی دەروونزانیەوە گرنگیەکی زۆر بە مانای چەمکی ژیان نەدەدرا، هەتا تیۆرەکەی فرانکل لەبارەی مانای ژیان هاتە کایەوە، لە سەرەتای گەشەکردنی دەروونزانی و هەتا دەرکەوتنی ئەو تیۆرە ئەو چەمکە بە نادیاری مابۆوە، هیچ ناونیشانێکی تایبەتی نەبوو کە وەسفی ئەو چەمکە گرنگە بکات لە ڕووی گرنگی دەروونیەوە لە کەسایەتی مرۆڤ و تەندروستیە دەروونیەکەیەوە ( kim,2001,p23 ).

ئەو ماوەیەی کە فرانکل لەزیندانەکان لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاردان ژیاوە،ئەوە بۆتە هەوێنی دانانی تیۆرەکەی بۆ ئەوەی لە واتاکەی بگات، سەرەڕای بینینی ئەو ئێش و ئازارانە، تێبینی ئەو پیاوانەی کردووە کە چۆن دەستەوەستانی مردن دەبن لە ئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی پرۆسەی ئازاردان کە تێیدا

هەموو هەستێکی بوونی مانای ژیانیان ونکردووە. (Frankl,1985, p54).

فرانکل پێی وایە کە مرۆڤ دەتوانێ بژێت تەنیا ئەگەر پابەند بێت بە بوونی مانای ژیانەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە سەرچاوەیەکە ئەو مانایەی پێ بدات، بە دڵنیاییەوە سێ سەرچاوە هەیە کە ئەو مانایە نیشان دەدات ئەوانیش:

١- بەهای شارەزایی: کە تاک لە چوارچێوەی ئەزموونەکانی لەبارەی ماف و چاکە و جوانییەوە دەیدۆزێتەوە.

٢- بەهای داهێنان: ئەوەش تاک هەستی پێدەکات لە چوارچێوەی داهێنانی ئەرکێک و کارێک کە بەهای تایبەتی هەیە لە کۆمەڵگا.

٣- بەهای ئاڕاستەکان: ئەوەش هەڵوێستەکانی تاک لەخۆ دەگرێت لەبەرامبەر ئەو ئێش و ئازارانەی پێیدا تێپەڕ دەبێت. (Frankl, 1985, p31)

بەپێی بۆچوونەکانی فرانکل شارەزایی جیهانی هەیە هەموو بوونی مرۆڤ جیادەکاتەوە و ماناکەی لای ئەو لەبار یەک هەڵدەوەشێنی کە ناونراوە بە سێگۆشەی تراژیدیای مرۆڤایەتی، ئەوانیش:

١- ئێش و ئازار:

دیارە ئازار بەشێکەو جیانابێتەوە لە بوونی مرۆڤ، ناتوانین بڵێین هیچ مرۆڤێک هەبێت ژیانی بەتاڵ بێت لە ئێش و ئازار، ئەوە شتێکە ناتوانین ڕەتی بکەینەوە یان لێی ڕابکەین، بۆیە ئازار شتێکی گشتییە لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا، بەڵام ڕێگای ڕووبەڕوو بوونەوەیان جیاوازە، هەیە خۆی بەدەستەوە دەدات و تێدا نغرۆ دەبێت و هەست بە بێ هیوایی و ڕەشبینی دەکات، هەشە پەنا بۆ ئاڵوودەبوون دەبات تا دەگاتە خۆکوشتن، هەشە دەتوانێ زاڵ بێت بەسەریدا و تێپەڕی ئەو بارودۆخە بکات.

(فرانکل) جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ کاتێ وا دەبینێ کە چارەنووسی هەر ئازارە لەسەری پێویستە ئەو ئێش و ئازارە قبووڵ بکات، کە ئەوەش شتێکە بەسەریدا سەپاوە، ئەرکێکی ناوازە و جیاوازیشە هەتا مرۆڤ بتوانێ ڕێگایەک بدۆزێتەوە کە بتوانێ لەو ڕێگایەوە تێپەڕی ئەو ئێش و ئازارانە بکات (Frankl,1985, p109).

سێ جۆری لە ئێش و ئازار دیاری کردووە ئەوانیش:

أ- ئازارێک کە لە هەناوی بوونی بێ ئیشییەوە سەرهەڵدەدات کاتێ هەوڵەکانی مرۆڤ بێ هودە دەبێت لە دۆزینەوەی مانایەک بۆ ژیان.

ب- ئازارێک کە یاوەری چارەنووسیەتی و ناتوانێ بیگۆڕیت.

ج- ئازارێک کە بەرهەمی شارەزاییە هەڵچوونیە ناخۆشەکانە وەکو ئەوەی کاتێ کەسێکی ئازیزت دەمرێت (Durbin, 2005, p67).

هەر کاتێک مرۆڤ هەست بەئێش و ئازارێک بکات، جا بەهۆی نەخۆشی جەستەیی بێت یاخود دابڕان لەکەسانی ئازیز و خۆشەویست یاخود بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراو کە ڕووبەڕووی ببێتەوە، هەستی بۆ مانای ژیان و خۆشیەکانی کەم دەبێتەوە و هەست بەبێزاری و خەمۆکی دەکات.

٢- هەستکردن بە گوناهەکان:

ئەوەش لە ئەنجامی هەستکردنە بە نەبوونی توانایەک کە نەتوانێ دەست بەسەر کاتە بەنرخەکانی ژیانیدا بگرێت بۆ تەواو کردنی شتەکان، هەستکردن بە گوناهەکان جیاوازە لە هەستکردن بەبێ ئابڕوویی، هەستکردن بەبێ ئابڕوویی جەخت لەشێوەی خود لە دەستەوەستان و ڕاکردن دەکاتەوە، لە کاتێکدا هەستکردن بە گوناهەکان جەخت لە شیوەی کار و هەستکردن بە تواناببوون بۆ چاکسازی و باشتربوون دەکاتەوە. (Wright, 2007, pp47-48)

هەستکردن بە گوناهەکان هەستیکی نەخۆشییە هەموو وزەی جەستەیی و دەروونی تاک بەهەدەر دەبات و وای لێ دەکات هەست بە ئازاری ئەو ڕووداوە مێژووییانە بکات کە نەدەتوانێ و نە پێی دەکرێت بیگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەستکردنە لایەنێکی ئەرێنیشی هەیە کە مانای هەستکردنی تاکە بە هەڵە و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ئەو هەڵانە، ئەوەش وای لێدەکات کە لە جارەکانی داهاتوو نەکەوێتە ئەو هەڵانەوە.

٣- مردن یان دیارنەمان:

مردن ڕاستیەکی ناچارەیە لە ژیاندا هیچ کەسێک ناتوانێت لێی ڕابکات، هەر ئەوەش مانای بوونی بە مرۆڤ بەخشیوە، لە هەمان کاتیش سەرچاوەی دڵەڕاوکێ بوونی مرۆڤە، بۆیە هۆشیاری مرۆڤ لەبارەی مسۆگەری مردن دەبێتە هۆی حاڵەتی دڵەڕاوکێ و شڵەژان ( کرامة، ٢٠١٢، ص٦٧ ).

مسۆگەربوون لەمردن و جێهێشتنی ژیان و چوونەوە بۆ ژێر گڵ، مانای ژیان لەمرۆڤەکان تاڵ دەکات، مرۆڤەکان ڕۆژانە لە ناشتن و پرسەی کەسانی ئازیز و خۆشەویستانیان بەشداری دەکەن، هەستێکی ناخۆش و دڵێکی خەمگین یاوەریان دەبێت، ئەمەش فاکتەرێکە بۆ لەبارابردن و هەڵوەشانەوەی خۆشی و مانای ژیان لە لایان.

(فرانکل) پێی وایە مرۆڤ ڕووبەڕووی نەخۆش کەوتن دەبێتەوە کاتێک شکست دێنێ لە دۆزینەوەی مانایەک بۆ ژیان، لەو نەخۆشیانەش:

١-بۆشایی بوونی:

حاڵەتێکی ناوەکییە مرۆڤ هەستی پێ دەکات، سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی دەرەکی زۆر باشیشە، بەڵام مرۆڤ هەستەکانی ون دەکات لەبارەی ئەوەی کە ژیان مانای هەیە، سەرەڕای ئەوەی هەست بەبێ هیوایی و بێ هودەیی دەکات، ئەو بۆشاییە لە ئەنجامی هەستکردن بە بێ هیوایی و توانستی مانا دێتەکایەوە، ئەوەش بە پاڵنەرێکی گرنگ و بنچینەیی دادەنرێت بۆ گەڕان

بەدوای مانا هەژمار دەکریت کە مرۆڤ تێپەڕی خودی خۆی و مرۆڤایەتی خۆی دەکات و زاڵ دەبێت بەسەریدا ( Wong & Fry, 1998, p 368).

بوونگەراکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لێرەدا سێ سەرچاوەی بنچینەیی هەیە بۆ گەشەکردنی بۆشایی بوونی لەوانەش:

أ- پەرسەندنی کۆمەڵگا: ئێستا ژیانی نوێ زیاتر پێشکەوتووە، زیاتر بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەیە کە جاران ئەستەم بوو بێتەدی، بۆیە مرۆڤ دەستی بە پرسیارکردن کردووە کە گرنگی کارکردن و بەهاکەی چییە؟ چۆن دەتوانین مانایەک لە جیهان ببینینەوە بۆ ژیان کە بێ مانا بێت؟...، جیهانێک کە ئامانجی تێدا بێت کە هەر هەمووی بەدیهاتووە، بۆیە مرۆڤ ئەو شتانە ون دەکات بۆ رووبەڕوو بوونەوەو ئاراستەکردن، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستی خاوبوونەوە و تەمبەڵی و ونکردنی ئارەزووی داهێنان.

ب- ئارەزووی مرۆڤ بۆ تێرکردنی غەریزەکانی: ئەوانەی کە کۆمەڵگا حەرامی کردووە بەهۆی بەها پیرۆزەکان کە یەکێکە لە سیماکانی مرۆڤایەتی، ئەو ئارەزووە بە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکان دادەنرێت لە سەرهەڵدانی بۆشایی بوونی.

ج- پاشەکشێی بەها کۆمەلایەتییە پیرۆزەکان: وەکو خۆشەویستی، دۆستایەتی، یارمەتیدانی کەسانی دیکە، لێبووردەیی بەرامبەر بەرژەوەندی و سوودو کەڵکی کەسایەتی (Frankl,1985, pp83-84).

٢- دەمارگیری مەعنەویی: لە ئەنجامی ناکۆکی لەنێوان بەها ئاکاریە جۆراوجۆرەکان دێتە کایەوە کە دەبێتە هۆی بی هودەیی گیانی.

٣-دەمارگیری کۆمەڵی: کاتێک دەردەکەوێت کە ژیان بەتاڵ دەبێت لە پلان و دەستەوەستانی کەسەکە بۆ هێزەکانی ژیان بەبێ هیچ دەست تێخستنێکی کاریگەر کە ئەوەش دەبێتە هۆی بێ هیوایی و خەمۆکی و شکست ( Wong& Fry,1998, p 368).

لەگەڵ ئەو شتە گرنگەی کە فرانکل باسی لێوەکردووە کە تاک دەتوانێ مانایەک بۆ ژیان بهێنێتەدی کاتێک ئامانجێک دیاری دەکات و تێپەڕی خودی خۆی دەکات و زاڵ دەبێت بەسەریاندا، یاخود کاتێك توانستی ئەوەی هەیە مانایەکی بەهێز دیاری بکات بە پلەیەک کە وای لێدەکات قوربانی بەژیان بدات لە پێناوی ئەو ئامانج و مەبەستەی هەیەتی، بە دڵنیاییەوە رووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ لەبارەی چارەنووس و ئازارەکانی بریتییەلە گەورەترین جۆرەکانی دەسکەوت کە مانایەک بە ژیان دەبەخشێت لەلای مرۆڤ، وای لێدەکات پێیەوە پابەند بێت، تەنیا ئەو کاتەی کە باس لەو سەرچاوانە دەکات کە هەرشە لە ماناکان دەکات، ڕوونی نەکردۆتەوە کە چۆن مرۆڤ تێپەڕی ئەو ئازارانە دەکات و هەست بە گوناە و مردن دەکات و کەچی خۆشی دەوێت و چۆن زاڵ دەبێت بەسەر ئەو ئازارانەوە.

## باسی دووەم: پەیوەندیی نێوان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان:

کەسی سەرکەوتوو لە ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا زیاتر چالاک و زیندوو و پەسەندکراوە لەلایەن کەسانی دیکە، کەسێکی هاوکار و بەشدارە لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان، هەموو توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەسێکی تەندروست دەتوانێ چێژ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باشەکان ببینێت، هەر ئەو کەسانەش واتا ئەوانەی خاوەن پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تەندروستن هەست بە ڕازیبوون لە ژیان دەکەن، هەروەها جیادەکرێنەوە بەوەی پاڵنەرن بۆ کارکردن و ڕێزگرتن لە بەهاکان ،دەتوانن کۆنترۆڵی دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوەی ئەرێنی بکەن، گەشبینن و دەتوانن چێژ لە کەسایەتی خاوەن تەندروست ببینن، هەروەها ئەوان زیاتر توانای ئەوەیان هەیە خودی خۆیان بسەڵمێنن و هاوکار و بەشداربن لەگەڵ کەسانی دیکە، پلانی باش دابڕێژن بۆ ژیان و خواستەکانیان (عبدالخالق، ٢٠٠٣، ص٣٢٢).

سەرکەوتن لەژیان پەیوەستە بە بوونی پەیوەندیی کۆمەلایەتی تەندروست لەنێوان تاکەکان، کاتێک تاک لەپرۆسەی کارلێککردن و پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی دیکە بتوانێت سەرکەوتوبێت و ئامانجەکانی بپێکی، هەستێکی ئەرێنی لا دروست دەبێت و لەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت و ئارەزووی نوێبوونەوەی دەکات، لەبەرئەوەی بەردەوام بوون و درێژەدان بەم پەیوەندییانە هەستی ڕازیبوونی لە ژیان پێدەبەخشێت.

بۆیە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بە سەرچاوەیەکی گرنگ دەژمێردرێت لە سەرچاوەکانی هەست کردن بە ڕازیبوون، بانگەشەی ڕازیبوون و سازانی دەروونی لە ڕێگای بوونی تاکەکان وەکو سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو لە ژیانی تاکدا، وەک: هاوبەشی ژیان و هاوڕێیەکان، بۆیە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەڵ دەخاتە بەردەم تاکەکە بۆ خود ناسین و هاوڕێیەتی، هەروەها پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لە کاتی بوونی قەیرانەکان، ئەمە سەرەڕای هەستکردن بە ئینتیما، (تیش و هاورێکانی) لەساڵی (١٩٨١) جەخت لەوە دەکەنەوە کە بوونی پەیوەندیی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ هاوڕێیەکان بە شێوەیەکی باڵا پەیوەندیی بە ڕازیبوون لە ژیانەوە هەیە لای بەتەمەنەکان، هەروەها (تیل و کاهان) لە ساڵی (١٩٩٩) وای دەبینن کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ هەستکردن بە ڕازیبوون لای ئافرەتانی بەتەمەن لە چین، جا هاوسەرگیریان کردبێت یان نا (مبروك، ٢٠٠٧،ص٣٨١). هاوسەرگیری بەیەکێک لە جۆرەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر هەستکردن بە ڕازیبوون هەیە،لێرەدا

شوێنەوارێکی توێژینەوەیی زۆر هەیە لەبارەی پەیوەندیی لەنێوان حاڵەتی هاوسەرگیری و هەستکردن بە خۆشحاڵبوون، هەروەها لە ڕێگای ئاماژەی جۆراوجۆر ئەو شتە پێوانە دەکرێت لەوانەش ڕازیبوون لە ژیان، چەندان توێژینەوە هەن باس لەوە دەکەن کە لەدەستدانی هاوبەشی ژیان دەبێتە هۆی ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سازان و هەرەسهێنانی تەندروستی جەستەیی بەتەمەنەکان، بە شێوەیەکی گشتی هاوسەرداران زیاتر ڕازین لەو کەسانەی جیابوونەوەتەوە یان لە بێوەژنەکان یان لەو کەسانەی هاوسەرگیریان نەکردووە، هەروەها هەندێک بەڵگە ئاماژە بەوە دەکەن کە پیاوانی هاوسەردار زیاتر ڕازین لە ژیان لەو ئافرەتانەی هاوسەرگیریان کردووە یان لە بێوەژنەکان، ئەوەش پەیامە بۆ ئەوەی کە سودی هاوسەرگیری بۆ پیاوان زیاترە لە ئافرەتان، بەشێکی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەتان بە گشتی تا ئاستێک دەربڕین لە هەستکردن بە ڕازیبوون دەکەن زیاتر لە پیاوان، دەتوانین ئەوەش زیاد بکەین کە پیاوان زیاتر هەست بە تێربوون دەکەن لە هاوسەرگیری بە بەراورد بە ئافرەتانی هاوسەردار، ئافرەتی هاوسەردار زیاتر لە مێردەکانیان پشتگیری کۆمەڵایەتی پیاوەکان دەکەن (ارجایل، ١٩٩٣، ص٢٧-٢٨).پەیوەندیی خێزانی وەکو ( پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد ، باوان و منداڵەکان ، خوشک و برا )، پەیوەندیی کار وەکو ( پەیوەندیی نێوان کرێکار و خاوەن کار ، نەخۆش و دکتۆر ، قوتابی و مامۆستا ، فەرمانبەر و بەڕێوەبەر ، کڕیار و فرۆشیار ، سەرباز و ئەفسەر ،...هتد)،هەروەها جۆرەکانی دیکەی پەیوەندیی وەکو(پەیوەندیی ئایینی لەنێوان پیاوانی ئایینی و شوێنکەوتوانی ئایینی،پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەنێوان ئەندامانی ڕێکخراو،پیشە، قوتابخانە، یانەی وەرزش و پارتەکان،پەیوەندیی خزمایەتی لەنێوان مام و برازا،خاڵ و خوارزا،پور و پورزا ،...هتد)، هەموو ئەو پەیوەندییانە کە تاکەکان لەژیانی ڕۆژانەیاندا ئەنجامی دەدەن ئەگەر ئەرێنی و تەندروست بن، دەبنە فاکتەرێک بۆ تەندروستیەکی باش و خۆشویستی ژیان و ڕێزگرتن لەکولتورو بەهاکان و دروست بوونی ئینتیما لای تاکەکان، ئەمەش وا دەکات هەستی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی ژیان لای تاکەکان دروست بێت.

## بەشی سێیەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە نەخشەسازیی و میتۆدی وەسفی تیایدا ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە بەستووە بۆ وەرگرتنی ( 384 )[1] کەس لەو خێزانانەی لەناو سەنتەری شاری هەولێر نیشتەجێن وەک نموونە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هێشوویی فرەقۆناغ ( العينة العشوائية العنقودية المتعددة المراحل )، زانیارییەکان بەشێوەیەکی مەیدانی لەمیانەی دوو پێوەری تایبەت بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان کۆکراونەتەوە بە شێوەیەک تیایدا جگە لە داواکاریی دیاریکردنی ڕەگەز، تەمەن، پیشە، باری ئابووری، باری خێزانی، چەند بڕگە و پرسیارێکیان خراوەتە بەردەم بۆ وەڵامدانەوە هەروەک لە پاشکۆی ( 2 ) خراوەتەڕوو.

پێوەرەکان تواناییەکی باشیان هەبووە بۆ پێوانەکردنی هەردوو گۆڕاوی ( پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان )، ئەمەش دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی ژمارەیەک شارەزای پسپۆر کە لەپاشکۆی (1) خراوەتەڕوو، لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی لە زانکۆکانی سەڵاحەددین و سلێمانی و ڕازیبوونیان لەسەر بڕگە و پرسیارەکانی هەردوو پێوەرەکە بەڕێژەی 80% ، بۆ دڵنیابوون لە جێگیری هەردوو پێوەرەکە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ڕێگای بەشکردنی نیوەیی بەکارهێناوە، ئەویش بە وەرگرتنی نموونەی جێگیری ( 20 )تاک لە نموونەی کۆمەڵگای توێژینەوە بۆ تەنها یەکجار و دابەشکردنی هەر فۆرمێکیش بۆ بڕگە تاک و جووتەکان، دوای ئەزموونکردنی هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان براون بە جۆرێک کە بەهای جێگیری پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بریتی بوو لە (0,95)، هی پێوەری ڕازیبوون لەژیانیش گەیشتە (0,94)، هەردوو بەهاش ئاماژەیەکی زۆرباشن و ئاستێکی بەرزی جێگیری هەردوو پێوەر نیشان دەدەن.لەماوەی 4/1 تا 2022/7/4 زانیارییە مەیدانییەکان کۆکراونەتەوە.

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کۆکراوەکاندا لە لایەنی مەیدانیدا، سوود لەپرۆگرامی SPSS تیایدا ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێری، لادانی پێوەری ، ناوەند ، منوال ، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان، پێرسۆن، (T.test)و جیاوازی ( Anova ) وەرگیراوە.

## بەشی چوارەم: ئەنجامەکان:

لێرەدا ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەپێی ئامانجە دیاریکراوەکان دەخەینەڕوو:

### ئامانجی یەکەم: ئاستەکانی پابەندبوون بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بەبەختەوەریی و ڕازیبوون لەژیان.

ئەنجامەکانی تایبەت بە پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکەن کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی نێوەندێکی ژمێرییان تۆمارکردووە بەپێی ئەم پێوەرە کە بریتییە لە ( 132,47 )نمرە ، بەلادانی پێوەری ( 16,045 ) بە ناوەندی گریمانەیی (96) نمرە، لەکاتێکدا دەبینین تاکەکانی نموونە خاوەن نمرەیەکی بەرزن لە پابەندبوون بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە بەراورد بە ناوەندی گریمانەیی

[1] پشت بەستن بەخشتەی( Krejcie and Morgan ) بڕوانە: Sekaran,Uma,Reserarch Methods for business:Askill-building approach(4thed), NewYork, John wiley and sons Inc,2003,p294.

و بەڵگەی ئاماری ( 0,05 )، بەڵام ئەنجامەکانی تایبەت بە پێوەری ڕازیبوون لەژیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تاکەکانی نموونەکە بەشێوەیەکی گشتی نێوەندێکی ژمێرەییان تۆمارکردووە بەپێی ئەو پێوەرە کە دەگاتە ( 224,263 )نمرە، بەلادانی پێوەری ( 31,489 ) و ناوەندی گریمانەیی ( 180 )نمرە، بەم شێوەیەش دەبینین تاکەکانی نموونەکە خاوەن ئاستێکی بەرزن لە ڕازیبوون لەژیان بە بەراورد لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی و بەڵگەی ئاماری ( 0,05 )وەکو لەخشتەی ( 1 ) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ( 1 )**

**ئەنجامەکانی جێبەجێکردنی پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان**

| نەدگارە ئامارییە وەسفییەکان | پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی | پێوەری ڕازیبوون لەژیان |
|---|---|---|
| ناوەندی ژمێرەیی ( Mean ) | ١٣٢,٤٧ | ٢٢٤,٢٦٣ |
| ناوەند ( Median ) | ١٣٤,٥٠ | ٢٢٥ |
| شێوە ( منوال ) ( Mode ) | ١٤٥ | ٢١٧ |
| لادانی پێوەری ( Std. Deviation ) | ١٦,٠٤٥ | ٣١,٤٨٩ |
| دووری ( Rang ) | ٨٥ | ١٨١ |
| لاری ( Skew ness ) | ٠,٨٩٧ | ٠,٥٠٩ |
| تفرتح ( Kurtosis ) | ٠,٧٨٣ | ٠,٤٦٩ |

ئەنجامەکانی خشتەی ( 1 ) ئاماژە بۆ نزیکبوونەوەی دابەشبوونی ئێستا دەکات لە دابەشبوونی میانڕەوی سروشتی، بەهای پێوەری ململانێی چەقی ( ناوەندی ژمێرەیی ، ناوەند ، منوال ) نزیکە لەگەڵ نزم بوونەوەی بەهای پێچەوانەو دووبارەبوونەوە، کە ئەوە ڕووندەبێتەوە بەپێی پەیژەی دووبارە بوونەوەی تایبەت بە دابەشکردنی نمرەکانی پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە شێوەی (1)دا.




| | |
|---|---|
| نموونە | ٣٨٤ |
| ناوەندی ژمێرەیی ( Mean ) | ١٣٢,٤٧ |
| ناوەند ( Median ) | ١٣٤,٥٠ |
| شێوە ( منوال ) ( Mode ) | ١٤٥ |
| لادانی پێوەری( Std. Deviation ) | ١٦,٠٤٥ |
| دووری ( Rang ) | ٨٥ |
| لاری ( Skew ness ) | ٠,٨٩٧ |
| تفرتح ( Kurtosis ) | ٠,٧٨٣ |

**شێوەی ( 1 )**

**نزیکی دابەشبوونی نموونەی توێژینەوە لە هاوسەنگی ( اعتدال )ی سەبارەت بە پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ڕووندەکاتەوە.**

بەهەمان شێوە ئەنجامەکانی خشتەی (1) ئەوە دەخاتەڕوو کە نزیکبونەوەیەک لە دابەشبوونی ئێستا بۆ ڕازیبوون لەژیان لە دابەشبوونی میانڕەوی هەیە، بۆیە بەهای پێوەری ململانێی چەقی ( ناوەندی ژمێرەیی ، ناوەند، منوال ) نزیکە لەگەڵ نزم بوونەوەی بەهای پێچەوانە و دووبارەبوونەوە، کە ئەوە ڕووندەبێتەوە بەپێی پەیژەی دووبارە بوونەوەی تایبەت بە دابەشکردنی نمرەکانی پێوەری ڕازیبوون لەژیان لە شێوەی (2)دا.




| | |
|---|---|
| نموونە | ٣٨٤ |
| ناوەندی ژمێرەیی ( Mean ) | ٢٢٤,٢٦٣ |
| ناوەند ( Median ) | ٢٢٥ |
| شێوە ( منوال ) ( Mode ) | ٢١٧ |
| لادانی پێوەری( Std. Deviation ) | ٣١,٤٨٩ |
| دووری ( Rang ) | ١٨١ |
| لاری ( Skew ness ) | ٠,٥٠٩ |
| تفرتح ( Kurtosis ) | ٠,٤٦٩ |

**شێوەی ( 2 )**

**نزیکی دابەشبوونی نموونەی توێژینەوە لە هاوسەنگی ( اعتدال )ی سەبارەت بە پێوەری ڕازیبوون لەژیان ڕووندەکاتەوە.**

توێژەر ئەزموونی تائی ( T.test ) یەک نموونەیی بەکارهێناوە بۆ بەراوردکردن لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە و ناوەندی گریمانەیی بۆ هەردوو پێوەر لای نموونەکە بەگشتی.

**خشتەی ( 2 )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تی تێست ( T.test ) بۆ بەراوردکردن لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی هەردوو پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان.**

| پێوەرەکان | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای ( ت )ی دەرهێنراو | بەهای ( ت )ی خشتەیی | ئاستی ئاماری بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەیوەندیی کۆمەڵایەتی | ٣٨٤ | ١٣٢,٤٧ | ١٦,٠٤٥ | ٩٦ | ٤٤,٥٤٧ | ١,٩٦ | ئاماژەدارە |
| ڕازیبوون لەژیان | ٣٨٤ | ٢٢٤,٢٦ | ٣١,٤٨٩ | ١٨٠ | ٢٧,٥٤٥ | ١,٩٦ | ئاماژەدارە |
| بەهای ( ت )ی خشتەیی بەنمرەی ئازادی ( ٣٨٣ ) ئاستی باوەری ( ٠,٠٥ ) = ( ١,٩٦ ). | | | | | | | |

لە خشتەی ( 2 ) ئاستی ئاماری بەڵگەداری هەردوو پێوەرەکە بەدیارکەوت بەم شێوەیە:

لەپێوەری یەکەمدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهای ( ت ) دەرهێنراو کە بریتییە لە ( 44,547 ) گەورەترە لەبەهای ( ت )ی خشتەیی ( 1,96 ) لە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 ) بەنمرەی ئازادی ( 383 )دا، هەروەها بەهای ناوەندی ژمێری کە بریتییە لە ( 132,47 ) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی کە دەکاتە ( 96 )، لەوشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی ئاماژە ئامارییدا پەیوەستن بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیەوە لە ئاستێکی بەرزدا، بۆ پێوەری ڕازیبوون لە ژیانیش بەهەمان شێوە بەهای ( ت )ی دەرهێنراو کە دەکاتە ( 27,545 ) گەورەترە لە بەهای ( ت )ی خشتەیی ( 1,96 ) لەئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 ) و بەنمرەی ئازادی (383)، هەروەها بەهای ناوەندی ژمێری کە دەکاتە

224,26 ) گەورەترە لەبەهای ناوەندی گریمانەیی کە دەکاتە ( 180 )، بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە ئاستێکی بەرزی ڕازیبوون لەژیاندا. واتا ئەنجامەکان ئەویان دەرخستوە کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گرنگە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان و هێنانەدی و گەیشتن بە ئامانجەکان لەژیانی ڕۆژانەیاندا، ئەمەش خۆی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ڕازیبوون لەژیان. دەتوانین بۆ پاڵپشتی ئەم ئەنجامەش تیۆری ( فرانکل ) بەنموونە بهێنینەوە کە پێی وایە تاک دەتوانێ مانایەک بۆ ژیان بهێنێتەدی کاتێک ئامانجێک دیاری دەکات و تێپەڕی خودی خۆی دەکات و زاڵ دەبێت بەسەریاندا، یاخود کاتێك توانستی ئەوەی هەیە مانایەکی بەهێز دیاری بکات بە پلەیەک کە وای لێدەکات قوربانی بەژیان بدات لە پێناوی ئەو ئامانج و مەبەستەی هەیەتی، بە دڵنیاییەوە ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ لەبارەی چارەنووس و ئازارەکانی بریتیەلە گەورەترین جۆرەکانی دەسکەوت کە مانایەک بە ژیان دەبەخشێت لەلای مرۆڤ، وای لێدەکات پێیەوە پابەند بێت.

## ئامانجی دووەم: بەڵگەی جیاوازی لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیو ڕازیبوون لەژیان لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی زانینی کاریگەری گۆڕاوەکانی توێژینەوە(ڕەگەز،تەمەن،پیشە،باری ئابووری،باری خێزانی)لەهێنانەکایەوەی جیاوازی هەستکردن بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان لەنێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە، بەخستنەڕووی یەک گریمانەی سفری ( H0 ) کە گریمانەی ئەوە دەکات هیچ جۆرە جیاوازییەک لەنێوان گۆڕاوەکاندا نییە،لە بەرامبەر گریمانەی جێگرەوە( H1 ) کە گریمانەی ئەوە دەکات جیاوازی مەعنەوی لەنێوان گۆڕاوەکاندا هەیە.

### ١_ بەڵگەی جیاوازی بە پێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و باری خێزانی:

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوە دووانەییەکانی وەکو ڕەگەز و باری خێزانی پشتی بەستوە بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( ت ) بۆ دوو نموونەی قەبارە جیاواز.

**خشتەی ( 3 )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی ( ت )ی بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە هەستکردن بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و باری خێزانی.**

| پێوەرەکان | گۆڕاوەکان | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ( ت )ی | | ئاستی ئاماری بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| پەیوەندیی کۆمەڵایەتی | ڕەگەز | نێر | ٢٢٩ | ١٣٣,٨١ | ١٥,٢٩٥ | ١,٩٨٨ | ١,٩٦ | ئاماژەدارە |
| | | مێ | ١٥٥ | ١٣٠,٥٠ | ١٦,٩٥١ | | | |
| | باری خێزانی | هاوسەردار | ٣٤١ | ١٣٣,٩٦ | ١٤,٩١٨ | ٥,٣٠٦ | ١,٩٦ | ئاماژەدارە |
| | | جیابۆوە | ٤٣ | ١٢٠,٦٥ | ١٩,٦١٦ | | | |
| ڕازیبوون لەژیان | ڕەگەز | نێر | ٢٢٩ | ٢٢١,٧٦ | ٣١,٧٥٥ | ١,٨٩٣ | ١,٩٦ | ئاماژەدارنیە |
| | | مێ | ١٥٥ | ٢٢٧,٩٤ | ٣٠,٨٢٦ | | | |
| | باری خێزانی | هاوسەردار | ٣٤١ | ٢٢٥,٥١ | ٣٠,٣٨٤ | ٢,٢٠٢ | ١,٩٦ | ئاماژەدارە |
| | | جیابۆوە | ٤٣ | ٢١٤,٣٤ | ٣٨,١٤٨ | | | |

لەخشتەی ( 3 )دا دەردەکەوێت کە بەهای ( ت )ی دەرهێنراو بۆ هەریەکە لە گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز ( 1,988 ) ، باری خێزانی ( 5,306 ) ) لە پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی گەورەترن لەبەهای (ت)ی خشتەیی کە دەکاتە ( 1,96 ) بەئاستی باوەڕی ( 0,05 )بە نمرەی ئازادی ( 382 )، کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر دایە، چونکە ناوەندی ژمێری نێر کە بریتییە لە ( 133,81 ) گەورەترە لە ناوەندی ژمێری مێ ( 130,50 ) واتا جیاوازی هەیە کە دەگاتە ئاستی ئاماری بەڵگەدار، ئەم ئەنجامەش گریمانەی جێگرەوەی ( H1 ) پەسەند دەکات کە دەڵێت جیاوازی مەعنەوی هەیە لە نێوان گۆڕاوەکاندا. ئەم ئەنجامەش ئەوە بەدیار دەخات بوونی جیاوازی لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەبەرژەوەندی کوڕەکان بوو ، بەڵام جیاوازی لە پێوەری ڕازیبوون لەژیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ناگاتە ئاستی ئاماری بەڵگەدار چونکە بەهای ( ت )ی دەرهێنراو کە دەکاتە ( 1,893 ) بچوکترە لەبەهای ( ت )ی خشتەیی ( 1,96 ) بە ئاستی باوەڕی ( 0,05 ) بەنمرەی ئازادی ( 382 ) ئەم ئەنجامەش گریمانەی سفری ( H0 )پەسەند دەکات، ئەم ئەنجامەش هیچ جیاوازییەکی ئاماری لەنێوان دوو ڕەگەزەکە بەدیار نەخستووە کەپەیوەست بێت بەڕازیبوون لەژیان، بەڵام بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی لەپێوەری ڕازیبوون لە ژیان جیاوازی هەیە کە دەگاتە ئاستی ئاماری بەڵگەدار، چونکە بەهای ( ت )ی دەرهێنراو کە دەکاتە ( 3,875 ) گەورەترە لە بەهای ( ت )ی خشتەیی ( 1,96 ) بە ئاستی باوەڕی ( 0,05 ) بەنمرەی ئازادی ( 382 ) ئەم ئەنجامەش گریمانەی جێگرەوەی ( H1 ) پەسەند دەکات، ئەم ئەنجامەش ئەوەی دەرخستووە ئەو ئافرەتانەی هاوسەرگیریان نەکردووە تا پلەیەکی بەرزتر ڕازین لە ژیان بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە یان جیابوونەتەوە.

### 2_ بەڵگەی جیاوازی بەپێی گۆڕاوەکانی تەمەن و پیشە و باری ئابووری:

بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی جیاوازی لەنێوان گۆڕاوە سێیانی و پێنجینەکانی وەکو تەمەن و پیشە و باری ئابووری پشتمان بەستوە بەشیکردنەوەی جیاوازی یەکانە( One way anova)کە خشتەی(4)ئەنجامەکانی شیکردنەوەی جیاوازیمان بۆ ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ( 4 )**

**ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازی یەکانەی ( تحليل التباين الاحادي ) بەڵگەی جیاوازی لە پێوەرەکانی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی تەمەن و پیشە و باری ئابووری.**

| گۆڕاوەکان | پێوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارگۆشەکان | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | پەیوەندی کۆمەڵایەتی | نێوان کۆمەڵەکان | ٢٨٤٣,٨٩٨ | ٢ | ١٤٢١,٩٤٩ | ٥,٦٥٨ | ئاماژەدارە |
| | | ناو کۆمەڵەکان | ٩٥٧٥٣,٨٤٢ | ٣٨١ | ٢٥١,٣٢٢ | | |
| | | گشتی | ٩٨٥٩٧,٧٤٠ | ٣٨٣ | ١٦٧٣,٢٧١ | | |
| | ڕازیبوون لە ژیان | نێوان کۆمەڵەکان | ١٥٧٦٣,٢٢٣ | ٢ | ٧٨٨١,٦١١ | ٨,٢٤٩ | ئاماژەدارە |
| | | ناو کۆمەڵەکان | ٣٦٤٠٢١,٢١٢ | ٣٨١ | ٩٥٥,٤٣٦ | | |
| | | گشتی | ٣٧٩٧٨٤,٤٣٥ | ٣٨٣ | ٨٨٣٧,٠٤٧ | | |
| پیشە | پەیوەندی کۆمەڵایەتی | نێوان پیشەکان | ٤٢٣٢,٤٠٩ | ٢ | ٢١١٦,٢٠٥ | ٨,٥٤٤ | ئاماژەدارە |
| | | ناو پیشەکان | ٩٤٣٦٥,٣٣١ | ٣٨١ | ٢٤٧,٦٧٨ | | |
| | | گشتی | ٩٨٥٩٧,٧٤٠ | ٣٨٣ | ٢٣٦٣,٨٨٣ | | |
| | ڕازیبوون لە ژیان | نێوان پیشەکان | ٢٢٨١٦,٥١٣ | ٢ | ١١٤٠٨,٢٥٧ | ١٢,١٧٦ | ئاماژەدارە |
| | | ناو پیشەکان | ٣٥٦٩٦٧,٩٢٢ | ٣٨١ | ٩٣٦,٩٢٤ | | |
| | | گشتی | ٣٧٩٧٨٤,٤٣٥ | ٣٨٣ | ١٢٣٤٥,١٨١ | | |
| باری ئابووری | پەیوەندی کۆمەڵایەتی | نێوان ئابوریەکان | ٢٠٨١,١٨٩ | ٤ | ٥٢٠,٢٩٧ | ٢,٠٤٣ | ئاماژەدارنیە |
| | | ناو ئابورییەکان | ٩٦٥١٦,٥٥٠ | ٣٧٩ | ٢٥٤,٦٦١ | | |
| | | گشتی | ٩٨٥٩٧,٧٤٠ | ٣٨٣ | ٧٧٤,٩٥٨ | | |
| | ڕازیبوون لە ژیان | نێوان ئابوریەکان | ٤٣٢٣٨,٢٠٣ | ٤ | ١٠٨٠٩,٥٥١ | ١٢,١٧٣ | ئاماژەدارە |
| | | ناو ئابورییەکان | ٣٣٦٥٤٦,٢٣٢ | ٣٧٩ | ٨٨٦,٩٨٥ | | |
| | | گشتی | ٣٧٩٧٨٤,٤٣٥ | ٣٨٣ | ١١٦٩٦,٥٣٦ | | |

لەخشتەی (4) بۆمان دەردەکەوێت کە بەپێی گۆڕاوی تەمەن بۆ هەردوو پێوەر گریمانەی ( H1 ) پەسەند دەکات، چونکە ئاماژە بە بوونی جیاوازی دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونی تاکەکانی نموونە کە بۆ ڕۆڵی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان هەیتیان، بە هەمان شێوش گۆڕاوی پیشە لە پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پێوەری ڕازیبوون لە ژیان ئاماژە بە بوونی جیاوازی دەکات و گریمانەی جێگرەوە ( H1 ) پەسەند دەکات،بەهەمان شێوش بۆ گۆڕاوی باری ئابووری لە پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەنەبوونی جیاوازی دەکات و گریمانەی سفری ( H0 ) پەسەند دەکات، بەڵام لە پێوەری ڕازیبوون لەژیان ئاماژە بەبوونی جیاوازی دەکات و گریمانەی جێگرەوەی ( H1 ) پەسەند دەکات.

## ئامانجی سێیەم: سروشتی پەیوەندیی نێوان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە توێژەر هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن (معامل ارتباط بيرسون)ی بەکارهێناوە بۆ زانینی پەیوەندیی نێوان هەردوو پێوەری توێژینەوەکە و ئاستی ئاماری بەڵگەداری ئەم پەیوەندییانە.

**خشتەی ( 5 )**

**پۆلێنکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوو پێوەری توێژینەوە دەخاتەڕوو.**

| پێوەرەکان | پەیوەندیی کۆمەڵایەتی | ڕازیبوون لەژیان |
|---|---|---|
| پەیوەندیی کۆمەڵایەتی | ١ | ٠,٤٤٥* |
| ڕازیبوون لەژیان | ٠,٤٤٥* | ١ |
| * ئاماژەدارن لە ئاستی دەلالەتی ( ٠,٠١ ) و بەهای خشتەیی ( ٠,١٤٩ )دا. | | |

خشتەی ( 5 ) نیشانی دەدات، کە هاوکێشەی پەیوەستی نێوان هەردوو پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان بە بەهای (0,445) گەورەترە لە بەهای خشتەیی ( 0,149 ) بە ئاستی باوەڕی ( 0,01 )، کەواتە پەیوەستییەکی ئەرێنی ئاماژە ئاماری بوونی هەیە لەنێوانیاندا، ئەم پەیوەندییە دووانییە ئەرێنییە ( لێدەرکراوە )، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات چەند ئاستی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێزترو ئەرێنیانەتر بێت، ئەوەندە ئاستی ڕازیبوون لەژیان زیاد دەکات. دەتوانین بۆ پاڵپشتی ئەم ئەنجامەش بۆچوونی ( گێنزبێرگ ) وەک نموونەیەکی تیۆری بهێنینەوە کە باس لە هەندێک ئاسوار و دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە دەکات، پێی وایە ئەو ئاسەوارانەش ڕەنگە پۆزەتیف یاخود نێگەتیف بێت لەسەر سروشتی پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوان تاکەکان لە دامەزراوە یاخود ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر پەیوەندیی نێوان تاکەکان پۆزەتیف بێت و لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێزگرتن و قوربانیدانی هاوبەش دروست بوبێت ئەوە ئاسەوارەکان پۆزەتیف دەبن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی بیرکردنەوەی تاک وای لێدەکات هەست بەڕازیبوون بکات و لایەنی دەروونی جێگیر و ئارام بێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر پەیوەندیی نێوان تاکەکان نێگەتیف بێت دەبێتە هۆی شلەژانی دەروونی و دڵەراوکێ و توندوتیژی لای تاکەکان.

بەڕای توێژەر ئەنجامەکانی ئەم پەیوەندییە کە لەخشتەکەدا پیشاندراوە پەیوەندییەکی ناوەند و پابەندبوونێکی ئەرێنیانەیە، ئەم ئاستە لەپەیوەست ئەوە دەگەیەنێت کە فاکتەری دیکە هەیە جگە لەپەیوەندیی کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەیە بەسەر ڕازیبوون لەژیان لای تاکەکان، واتە تەنها پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئەم ڕۆڵە لە ڕازیبوون لەژیان نابینێ بەڵکو تاک هەیە بڕوای بە بوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نیە لەگەڵ کەسانی دیکە یاخود کەسێکە پەیوەندییەکانی سنوردارە، بەڵام ڕازیشە لە بوارەکانی ژیان. ئەمەش لەگەڵ بوون و لۆژیک گونجاوە، هەرچەندیش ئاستی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێزترو ئەرێنیانەتربێت ڕازیبوون لەژیانیش بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوەی هەر گۆڕاوێک پەیوەندیی بە گەشەکردنی گۆڕاوەکەی دیکەوە هەیە.

## بەشی پێنجەم: پوختەی ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

### باسی یەکەم: پوختەی ئەنجامەکان:

دەکرێت کورتەی ئەو ئەنجامانەی کە لە پێشەوە باسمان کرد لە چوارچێوەی ئەو توێژینەوەیەدا بخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئەنجامێکی ئەرێنیانە بوونی هەیە بۆ ئاستەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە ئەنجامی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێری ( 132,47 ) بە لادانی پێوەری (16,045) بە ناوەندی گریمانەیی ( 96 ) بە بەهای ( ت )

دەرهێنراو ( 44,547 ) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی ( 1,96 ) بە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 ).

٢- ئەنجامێکی ئەرێنیانە بوونی هەیە بۆ ئاستەکانی ڕازیبوون لەژیان لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە ئەنجامی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێری ( 224,26 ) بە لادانی پێوەری (31,489) بە ناوەندی گریمانەیی ( 180 ) بە بەهای ( ت ) دەرهێنراو ( 27,545 ) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی ( 1,96 ) بە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 ).

٣- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز ، باری خێزانی ) کە تیایدا بەهای ( ت ) دەرهێنراو بۆ هەر یەک لە گۆڕاوەکانی ڕەگەز ( 1,988 )، باری خێزانی ( 5,306 ) گەورەترن لە بەهای خشتەیی ( ت ) ( 1,96 ) لە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 ).

٤- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە بۆ ڕازیبوون لەژیان بەپێی گۆڕاوی ( ڕەگەز )، لەبەرئەوەی بەهای ( ت ) دەرهێنراو بۆ گۆڕاوی ڕەگەز ( 1,893 ) بچوکترە لە بەهای خشتەیی ( ت ) (1,96) لە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 )، بەڵام جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ ڕازیبوون لەژیان بەپێی گۆڕاوی ( باری خێزانی )، چونکە بەهای ( ت ) دەرهێنراو بۆ گۆڕاوی باری خێزانی ( 2,202 ) گەورەترە لەبەهای خشتەیی (ت) (١,96) لە ئاستی ئاماری بەڵگەداری (0,05).

٥- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ هەردوو پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان بە پێی گۆڕاوی ( تەمەن )، لەبەر ئەوەی بەهای ( ف )ی دەرهێنراو بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ( 5,658 ) هەروەها بۆ ڕازیبوون لەژیان ( 8,249 )،گەورەترن لە بەهای ( ف )ی خشتەیی بە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 ).

٦- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ هەردوو پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان بەپێی گۆڕاوی (پیشە)، لەبەرئەوەی بەهای ( ف )ی دەرهێنراو بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ( 8,544 ) و بۆ ڕازیبوون لەژیان ( 12,176 ) گەورەترن لە بەهای خشتەیی ( ف ) لە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 ).

٧- جیاوازی بەڵگەداری نیە بۆ پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ( باری ئابووری ) ،لەبەرئەوەی بەهای ( ف ) دەرهێنراو ( 2,043 ) بچوکترە لە بەهای خشتەیی ( ف ) لە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 )، بەڵام جیاوازی بەڵگەداری هەیە بۆ پێوەری ڕازیبوون لەژیان بەپێی گۆڕاوی ( باری ئابووری )،چونکە بەهای (ف) دەرهێنراو بۆ پێوەری ڕازیبوون لەژیان ( 12,173 ) گەورەترە لە بەهای خشتەیی ( ف ) لە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,05 )دا.

٨- پەیوەندییەکی ئەرێنی ئاماری ئاماژەدار بوونی هەیە لەنێوان هەردوو پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان ، کە تیایدا بەهای پەیوەندیی نێوانیان ( 0,445 ) کە گەورەترە لە بەهای خشتەیی ( 0,149 ) لە ئاستی ئاماری بەڵگەداری ( 0,01 )دا.

## باسی دووەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

١- جەختکردنەوە لە گرنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی ڕازیبوون لەژیان، کە کۆمەڵگاش پێویستی پێیەتی، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان خۆشەویستی و لەیەکتر گەیشتنی زیاتر دەستەبەر دەکەن لەنێوان تاکەکان لەکۆمەڵگادا.

٢- دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان و باشترکردنی باری ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی خێزانەکان، لەبەرئەوەی باری ئابووری ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی تاک.

٣- هاندانی گەنجان بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەچوارچێوەی بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا ، چونکە کەسانی هاوسەردار زیاتر هەست بەڕازیبوون لەژیان دەکەن بە بەراورد بەوانەی جیابونەتەوە یاخود سینگڵن.

٤- باشترکردنی بوارەکانی خزمەتگوزاری وەک ( فێرکردن ، تەندروستی ، ئاو ، کارەبا ، ڕێگاوبان، ئاسایش،.....هتد ) و پێشکەشکردنی بە تاکەکان بەشێوەیەک کە ببێتە مایەی دڵخۆشی و ئاسودە بوونی تاکەکان لەڕووی دەروونیەوە ئەمەش گرنگە بۆ ڕازیبوون لەژیان.

**پاشکۆی ( 1 )**

**ناو و پلەی زانستی و پسپۆری و شوێنی کاری لیژنەی شارەزایان**

| ژ | ناوی شارەزایان و پلەی زانستیان | کۆلێژ | بەش | زانکۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. طاهر حسۆ میر زێباری | ئاداب | کۆمەڵناسی | زانکۆی سەلاحەددین |
| ٢ | پ.د. عبدالحميد على سعيد | ئاداب | کۆمەڵناسی | زانکۆی سەلاحەددین |
| ٣ | پ.د. سليم بطرس الياس | ئاداب | کۆمەڵناسی | زانکۆی سەلاحەددین |
| ٤ | پ.د. نجاة محمد فرج | زانستە مرۆڤایەتیەکان | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| ٥ | پ.د. مها حسن بكر | ئاداب | دەروونزانی | زانکۆی سەلاحەددین |
| ٦ | پ.د. نيان نامق صابر | پەروەردەی بنەرەتی | باخچەی مناڵان | زانکۆی سلێمانی |
| ٧ | پ.ی.د. جوان اسماعيل بكر | ئاداب | کۆمەڵناسی | زانکۆی سەلاحەددین |

## پاشکۆی ( ٢ )

## شێوەی کۆتایی هەردوو پێوەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیبوون لەژیان

..........................................................................................................

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب - بەشی کۆمەڵناسی

خوێندنی باڵا / دکتۆرا

بەڕێز ................سڵاوت لێبێ

کۆمەڵێک بڕگە لەبەردەستی بەڕێزتدایە،کە سەرەڕای تەوەری زانیارییە گشتیەکان، دوو تەوەری دیکە،کە یەکێکیان تایبەتە بە( پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان)،یەکێکی دیکەیان تایبەتە بە( ڕازیبوون لەژیان )،لەخۆ دەگرێت بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانی بەناونیشانی (( ڕۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕازیبوون لەژیان - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر )). جا هاوکاری تۆی بەڕێز بۆ وەڵامی پرسیارەکان جێگای هۆشیاری و زانستی ئێوە و دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەیە. بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان کە بەسەربەستی و ڕاشکاوانە وەڵام بدەرەوە، چونکە سەربەستی و ڕاشکاویت لە وەڵامەکانتدا خزمەتی ئامانجی زانستی ئەم توێژینەوەیە دەکات......... هاوکاریت جێگای ڕێز و پێزانینە.

**چەند تێبینییەکی پێویست:**

١- پێویست بە ناونووسین ناکات.

٢- دوای خوێندنەوەی بڕگەکان نیشانەی ( √ ) بەرامبەر وەڵامی گونجاو لەیەکێک لەم پێنج وەڵامانەی خوارەوە دابنێ.

٣- تکا لەبەڕێزت دەکەین وەڵامی سەرجەم بڕگەکان بدەیتەوە و تەنها یەک وەڵام هەڵبژێرە.

٤- بۆ زانیاری بەڕێزت

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | جارجار | بەدەگمە | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بوونی پەیوەندیم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم دڵخۆشم دەکات | √ | | | | |

هیچ بڕگەیەک نییە کە ڕاست یان چەوت بێت بەڵکو ئەوەی تۆ هەڵیدەبژێریت دروست و گوزارشت لەبیروبۆچوونت دەکات بەرامبەر بەبابەتی توێژینەوە.

لەگەڵ ڕێز و سوپاس بۆ هاوکاریتان...............

| قوتابی دکتۆرا | سەرپەرشتیار |
|---|---|
| محمود کریم سلیم بامەندی | پ.د. صباح احمد محمد نجار |

**زانیارییە گشتییەکان:**

- ڕەگەز: نێر ( ) مێ ( )
- تەمەن: ( ) ساڵ
- پیشە: ( )
- باری ئابووری: زۆرباش ( ) باش ( ) مام ناوەند ( ) خراپ ( ) زۆرخراپ ( )
- باری خێزانی: هاوسەردار ( ) جیابۆوە ( )

..........................................................................................................

**پێوەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:**

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | جارجا | بەدەگم | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بوونی پەیوەندیم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم دڵخۆشم دەکات. | | | | | |
| ٢ | هاوکاری خێزانەکەم دەکەم. | | | | | |
| ٣ | حەز دەکەم لەبۆنەکانی خێزانەکەم بەشداربم. | | | | | |
| ٤ | خێزانەکەم بەشداری دەکەن لە دروستکردنی پەیوەندیم لەگەڵ دەوروبەر. | | | | | |
| ٥ | پەیوەندییەکی خێزانی خۆش و جێگیرم هەیە. | | | | | |
| ٦ | بە ڕێنمایی گرفتەکانی خێزانەکەم چارەسەر دەکەم. | | | | | |
| ٧ | خێزانەکەم ئاراستەکردنی ڕەفتاری ئەندامەکانی دەکات. | | | | | |
| ٨ | خێزانەکەم بەختەوەرم دەکات. | | | | | |
| ٩ | پشت بەخێزانەکەم دەبەستم بۆ هێنانەدی ئامانجەکانم. | | | | | |
| ١٠ | ڕازیم لە هاوڕێکانم. | | | | | |
| ١١ | لەگەڵ هاوڕێکانم بەشداری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەم. | | | | | |
| ١٢ | هاوڕێکانم هاوکاریم دەکەن لەکاتی پێویستی. | | | | | |
| ١٣ | حەز دەکەم ژیانی هاوڕێکانم خۆش بێت. | | | | | |
| ١٤ | بەشداری بۆنەکان دەکەم لەگەڵ خزمەکانم. | | | | | |
| ١٥ | بە خۆشی خزمەکانم دڵخۆش دەبم. | | | | | |
| ١٦ | ڕەفتارم لەگەڵ خزمەکانم دڵخۆشکەرە. | | | | | |
| ١٧ | لێبوردەم لەگەڵ خزمەکانم لەکاتی هەڵەکردندا. | | | | | |
| ١٨ | هەوڵدەدەم خۆشی بخەمە نێو دڵی خزمەکانم. | | | | | |
| ١٩ | پەیوەندیم زۆر باشە لەگەڵ خزمەکانم | | | | | |
| ٢٠ | پەیوەندییەکی باشم هەیە لەگەڵ دراوسێیەکانم. | | | | | |
| ٢١ | دڵخۆش دەبم لەکاتی سەردانی کردنی دراوسێیەکانم. | | | | | |
| ٢٢ | لەبۆنەکاندا بەشداری دەکەم لەگەڵ دراوسێیەکانم. | | | | | |
| ٢٣ | متمانەم بە دراوسێیەکانم هەیە. | | | | | |
| ٢٤ | هەست بەڕێزگرتن دەکەم لەگەڵ کەسانی دیکە. | | | | | |
| ٢٥ | بەشێوەیەکی تایبەت ڕێزم لێ دەگیرێت لەلایەن کەسانی دیکە. | | | | | |
| ٢٦ | توانای بڕیاردانم هەیە لەبوارە جیاجیاکانی ژیان. | | | | | |
| ٢٧ | بیروبۆچوونەکانم جێگای ڕێزن لەلایەن هەمووانەوە. | | | | | |
| ٢٨ | ڕێز لەبیروبۆچوونەکانی بەرامبەر دەگرم. | | | | | |
| ٢٩ | لەبواری کارەکەم حەزدەکەم پەیوەندیی نوێ دروست بکەم. | | | | | |
| ٣٠ | یارمەتی هاوڕێکانم دەدەم لە کاردا. | | | | | |
| ٣١ | متمانەم بەهاوڕێکانم هەیە لەبورای کاردا. | | | | | |
| ٣٢ | بوونی پەیوەندییەکی باش لەنێو گروپی کاردا بەختەوەرم دەکات. | | | | | |

**پێوەری ڕازیبوون لەژیان:**

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | جارجار | بەدەگمە | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەوەری یەکەم | بواری ڕازیبوون لە ژیان | | | | | |
| ١ | هاوڕێکان | | | | | |
| ٢ | کۆمەڵگا | | | | | |
| ٣ | چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان | | | | | |
| تەوەری دووەم | بواری ڕازیبوون لە ژیانی کارکردندا | | | | | |
| ٤ | بارودۆخی کار | | | | | |
| ٥ | هاوڕێکانی کار | | | | | |
| ٦ | جۆری کار | | | | | |
| تەوەری سێیەم | بواری ڕازیبوون لە ژیانی خێزان | | | | | |
| ٧ | هاوسەر | | | | | |
| ٨ | منداڵەکان | | | | | |
| ٩ | دایک و باوک | | | | | |
| ١٠ | خوشک و برا | | | | | |
| ١١ | خزمەکان | | | | | |
| تەوەری چوارەم | بواری ڕازیبوون لەژیانی خوێندن | | | | | |
| ١٢ | قوتابخانە | | | | | |
| ١٣ | کارگێڕیەکان | | | | | |
| ١٤ | هاو پۆلەکان | | | | | |
| ١٥ | مامۆستاکان | | | | | |
| تەوەری پێنجەم | بواری ڕازیبوون لە لایەنی ئابوری | | | | | |
| ١٦ | داهات | | | | | |
| ١٧ | ئۆتۆمبێل | | | | | |
| ١٨ | موڵک و سامان | | | | | |
| ١٩ | زێر و زیو | | | | | |
| تەوەری شەشەم | بواری ڕازیبوون لە ژیانی تەندروستی | | | | | |
| ٢٠ | تەندروستی جەستەیی | | | | | |
| ٢١ | تەندروستی ژیری | | | | | |
| ٢٢ | تەندروستی خۆراک | | | | | |
| ٢٣ | تەندروستی دەروونی | | | | | |
| تەوەری حەوتەم | بواری ڕازیبوون لەژیانی ئایینی | | | | | |
| ٢٤ | ڕێبازی ئایینی | | | | | |
| ٢٥ | ئازادی خودا پەرستی | | | | | |
| ٢٦ | جێ بەجێکردنی ئەرکە ئایینیەکان | | | | | |
| تەوەری هەشتەم | بواری ڕازیبوون لە پەرسەندنی دەروونی | | | | | |
| ٢٧ | کەسایەتی | | | | | |
| ٢٨ | باوەڕ بەخۆکردن | | | | | |
| ٢٩ | خۆ خۆشویستن | | | | | |
| تەوەری نۆیەم | بواری ڕازیبوون لە نیشتەجێبوون | | | | | |
| ٣٠ | بارودۆخی نیشتەجێبوون | | | | | |
| ٣١ | قەبارەی خانوو | | | | | |
| ٣٢ | باخچەی خانوو | | | | | |
| تەوەری دەیەم | بواری ڕازیبوون لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | | | | | |
| ٣٣ | ڕۆژنامە | | | | | |
| ٣٤ | گۆڤار | | | | | |
| ٣٥ | سۆشیال میدیا | | | | | |
| تەوەری یانزدە | بواری ڕازیبوون لە ژیانی ڕامیاری | | | | | |
| ٣٦ | هەڵبژاردن | | | | | |
| ٣٧ | دەنگدان | | | | | |
| ٣٨ | دیموکراتی | | | | | |
| ٣٩ | پارتەکان | | | | | |
| تەوەری دوانزدە | بواری ڕازیبوون لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان | | | | | |
| ٤٠ | ئاو | | | | | |
| ٤١ | کارەبا | | | | | |
| ٤٢ | ئاوەڕۆ | | | | | |
| ٤٣ | باج | | | | | |
| ٤٤ | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | | | | | |
| تەوەری سێزدە | بواری ڕازیبوون لە گواستنەوە و گەیاندن | | | | | |
| ٤٥ | گواستنەوەی گشتی | | | | | |
| ٤٦ | شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل | | | | | |
| ٤٧ | تێچووی گواستنەوە | | | | | |
| تەوەری چواردە | بواری ڕازیبوون لە چاودێری تەندروستی | | | | | |
| ٤٨ | ئاسانکارییە پزیشکییەکان | | | | | |
| ٤٩ | نۆرینگەکان | | | | | |
| ٥٠ | پزیشکەکان | | | | | |
| ٥١ | زامنکردنی تەندروستی | | | | | |
| ٥٢ | پەرستیار و نەخۆشەکان | | | | | |
| ٥٣ | نەخۆشخانەکان | | | | | |
| ٥٤ | ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەوەری پانزدە | بواری ڕازیبوون لە ژینگە | | | | | |
| ٥٥ | ئاو | | | | | |
| ٥٦ | هەوا | | | | | |
| ٥٧ | باخچە گشتیەکان | | | | | |
| تەوەری شانزدە | بواری ڕازیبوون لە ساغ و سەلامەتی گشتی | | | | | |
| ٥٨ | ئاسایش | | | | | |
| ٥٩ | سەقامگیری | | | | | |
| ٦٠ | ئازادی گەشتکردن و جولە | | | | | |

## لیستی سەرچاوەکان


**أ- سەرچاوە عەرەبیەکان**

١- أرجايل، مايكل،(1993)، سيكولوجية السعادة، ترجمة: فيصل يونس، الكويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، عالم المعرفة.

٢- حسن، عبدالباسط محمد،(1971)، اصول البحث الاجتماعي، القاهرة،مكتبة الانجلو المصرية،ط٣.

عبدالخالق، أحمد محمد،( ٢٠٠٣ )، "معدلات السعادة لدى عينات عمرية مختلفة من المجتمع الكويتي"، مجلة دراسات نفسية، المجلد (١٣)، العدد (٤).

٣-كرامة،خلود،(2012)،العلاقة بين الأفكار اللاعقلانية ومعنى الحياة لدى الراشدين،دمشق،جامعة دمشق.

٤- مبروك، عزة عبدالكريم،( 2007 )، "ابعاد الرضا العام عن الحياة ومحدداته لدى عينة من المسنين المصريين"، مصر،مجلة الدراسات النفسية، مجلد السابع عشر ، العدد الثاني.

٥- النجار، صباح أحمد محمد،(2013)، العلاقات السوسيومترية في الجماعات الصغيرة، الاردن، عمان، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع.

**ب- سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

6- Diener,E.D,(2000), Subjective Well-Being, the science of happiness and a proposal for national index, American Psychology.

7- Durbin, C., (2005)Tribute to Victor Frankl, Available at: www.durbinhynosis.com.

8- Frankl, V. E, (1985) Man's Search for meaning, Revised and Updated, Washington Square Press: Published by Pocket Books, New York, U.S.A.

9- Ginsberg, Morris,(1980), Sociology, London, Oxford University Press.

10- Kim, M, Exploring Sources of life meaning among Koreans,( published Dissertation M.A. Thesis, Trinity Western University, Canada,2001.

11- Micheal H.&Carolyn,J.K.,(2005),Sociology the core, Mcgraw Hill,NewYoek, 7thed.

12- Sekaran,Uma, (2003) Reserarch Methods for business:Askill-building approach (4thed), NewYork, John wiley and sons Inc.

13- Wong, P.P.T & Fry, P.S, (1998) The Human Quest forMeaning, Handbook of Psychological research and ClinicalApplications, Mahwah, NJ: Erlbaum.

14- Wright, K.,( 2007) Develop New Models of Shame and Guilt indicate that Guilt may be more Pathogenic than research suggests, Journal of the Association for Rational EmotiveBehavior Therapy, Vol.12, No.1.